The Centre of Halabja
*Against Anfalization and*
*Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.info

Nawendî Helebce
*Dij be Enfalkirdin u*
*Cînosaydî Gelî Kurd*
*ÇAK*
contact@chak.info

# له یادی 19 ساڵەی کارەساتی کیمیابارانکردنی شاری سەردەشت
# ڕژێمی ئێرانی تاوانێکی دیکەیان بەرامبەر بە خەڵکی قارەمانی سەردەشت ئەنجامدا

کاتژمێر 4 ی ئێوارەی بەرواری 28-6-1987 , بۆیەکەمجار شارێک لە کوردستان لە لایەن چەند فڕۆکەیەکی جەنگی عێراقییەوە کیمیاباران کرا , لە ئاکامدا سەدان کەس بوونە قوربانی و زیاتر لە 8000 مرۆڤیش بریندار بوو , مەخابن بەشی زۆری بریندارەکان بەهۆی گرنگینەدانی کۆماری ئیسلامی ئێران پێیان , لە دوایدا گیانیان لە دەست دا .

بەهۆی پرۆسەی دادگایی فرانس ڤان ئەنراتەوە , ئەمڕۆ کیمیابارانکردنی شاری سەردەشت بە دۆکۆمێنتکراوەو لە ئاستی جیهانیشدا ناسراوە , تاوانبارانی ڕاستەوخۆی ئەم بکەرە دڕندانەیەش ئێستا لەناو قەفەسی دادگاییکردندان , بەڵام مخابن ئەوەی نەخراوەتە دەستووری بەرنامەی دادگاوە , دادگاییکردنی تاوانبارانە بە تاوانی کیمیابارانکردنی شار و گوندەکانی سەردەشت , ڕەشە هەرمێ , ئاڵوەتان , زەردە و شنۆ و .. . .

ئێمە لە کاتێکدا داوای قەرەبوو کردنەوە بۆ قوربانیان دەکەین لە لایەن حکوومەتی عێراقەوە , هاوکات داواکارین سەدام و داروودەستەکەی لە پاڵ ئەو تاوانانەش کە بەرامبەر بە خەڵکی سڤیلی ئەو شار و شارۆچکانە ئەنجامیان داوە دادگاییبکرێن و دۆسییەی تایبەتیان بۆ بکرێتەوە .

ئەمساڵ لە کاتێکدا یادی کارەساتی کیمیابارانکردنی شاری سەردەشت و گوندی ڕەشە هەرمێ دەکەینەوە , کۆماری ئیسلامی ئێران لە بەرژەوەندی خۆی دەیەوێت گرنگی پێ بدات و نوێنەری سەرۆک کۆمار بڕارە بچێت بۆ ئەم شارە ,لە لایەکی دیکەوە ڕژێم بەردەوامە لە ئەنجامدانی سەرکووت و تاوان بەرامبەر بە خەڵکی شاری سەردەشت , دوێنی شەممە24-6-2006 کاتژمێر 6 ی سەرلەبەیانی لە شاری ورمێ سەلاح محەمەدی خەڵکی ئەم شارە تێکۆشەرەی لە سێدارە داوە بە تاوانی کوشتنی ئەفسەرێکی ئاسایش , ناوبراو لەگەڵ هەر یەکە عەزیز خەڵکانی و مەسعوود شۆکە لە ساڵی 1996 ەوە دەستگیرکراون و مەحکوم بە ئیعدام کراون , ئەمەش قوربانییەکی دیکەی شارە بۆ سەردانی نوێنەرایەتی ئەحمەد نەژاد بۆ سەردەشت .

لە کاتێکدا ئێمە ئەم تاوانەی کۆماری ئیسلامی ئێران بەرامبەر بە خەڵکی شاری سەردەشت لە ئیعدام کردنی ڕۆڵەکانی بە توندی شەرمەزار و پرۆتستۆ دەکەین , داواکارین ئەمساڵ هەموو پێکەوە لە پشت داخوازەکانی خەڵکی شاری سەردەشت و هەموو قوربانیانی چەکی کیمیاویی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوەستین بۆ دادگاییکردنی تاوانباران و قورەبوکردنەوەی قوربانیان و ئاشکرا کردنی چارەنووسی بێسەروشوێنکراوەکانیان .

## ناوەندی چاک
## 2007-6-25